


# جەرگسۆزم بۆ پەیدا دەبێ

بەشی یەکەم

فەخرەدین عەلی



*کچەکەم ! نەخۆش نیم ، بەڵام دنیا پیس بووە*

شەوێکی ساردی زستان بوو ، کارەبا نەبوو ، پێخەف و نوێنەکان ڕاخرابوون ، خەریک بووین خۆمان لەسەر نووستن ڕادەهێنا، زۆر بە توندی لە دەرگە درا ، هەموومان لەگەڵ دەنگەکە ڕاچڵەکین ، هاوسەرەکەم نەیهێشت من بچم ، ئەو بۆخۆی هەڵسا ، لە پشتی دەرگەوە پرسی : ( کێیە ؟! ) دەنگی پیاوێکی بەساڵاچوو وەڵامی دایەوە . هەرچەندە نەشیناسی ، بەڵام دەرگەکەی کردەوە ، من لە ناندینەکەوە لە پشت پەردەو لە درزی پەنجەرەکەوە سەیرم دەکردن . دەرگە کرایەوە ، کەسێک خۆی بە حەوشەدا کرد و پرسیاری منی کرد ، منیش چوومە دەرێ و بەخێرهاتنم لێکرد ، ئەو زۆر بەپەلە بوو ، منی جیاکردەوە ،بە چپەدوو چەند وشەیەکی تێگرتم ، بواری پرسیاری نەدا ، پێش ئەوەی بڕوا ، بە دەنگێکی پڕ سۆزەوە پێیگوتم : ( من بۆ خوات پێدەڵێم ، فریا بکەوە با نەقەومێ !!)

هاوسەرەکەم هیچ لە پەیامی کابرا تێنەگەیشت ، چەند جارێک سەبارەت بەو پیاوە پرسیاری لێکردم ، ئەو کەسێکی ناسیاوو ئاشنا نەبوو ، نەدیتەو لایدە بوو . لەژێر ڕێنوێنی کابرا دەبوایە ئەوپەڕی ئامادەباشی وەربگرم . من حەزم نەدەکرد خێزانم و کچەکانم لە مەترسی چاوەڕوانکراو ئاگادار بکەمەوە . ئەگەر قسەی کابرام بۆ بگێڕابانەوە ، لەوانەیە هەترەشیان بچووبایە، زۆرم هێناو برد ، درکاندنی لەبەرژەوەند دانەبوو. ئەو شەوە هەرچۆنێ بوو گوزەرا . بەیانی زوو لە خەو هەڵسام ، هەرچی زێڕو پارە هەبوون لە سەندوقەکە دەرمهێنان و دەنێو تورەگەیەکم کردن و بەرەو دوکان ڕۆیشتم . سەیری دواوەی خۆم دەکرد و بە گومانەوە لە هەموو کەسێکم دەڕوانی . گەیشتمە دوکان ، هەتا کلیلەکەم لە نێو قوفڵەکە خست و دەرابەکەم هەڵدایەوە خەریک بوو هەموو جیهان بهێنمە ناو چاوانمەوە ، دەترسام یەکێک دەستی خۆی لە توورەگەکە گیر بکات و بیرفێنێ !

ئەو ڕۆژە لەنێو دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانیدا گوزەرا، بەڵام هیچ شتێکی نائاسایی ڕووی نەدا ، ئێوارە کە دوکانەکەم داخست ، یەکسەر بەرەو ماڵی بیراکەم ( برای خێزانم) ڕۆیشتم . لە ڕێگەدا هزرو لێکدانەوەی جۆراوجۆر مێشکیان دەگوشیم ، گومانی دیکەیان لە دڵدا دەچاندم . ئەوان خێزانێکی گەورەی نۆ کەسی بوون ، بیراکەم پێنج کوڕی گەورەی هەبوو، هەموویان چەکدار بوون ، کەسێک توانای ئەوەی نەبوو هەڵکوتێتە سەر ماڵی ئەوان ، ڕاستیەکەی خەڵک لەوان دەترسان و خوا خوایان بوو کە لێیان نزیک نەبنەوە و لەگەڵ ئەواندا لێیان نەقەومێ .

کە گەیشتمە بەردەرگە سەیرم کرد کۆڵان کش و مات بوو ، کوڕەکانی هێشتا نەگەڕابوونەوە ، ئەگەر ئەوان لەماڵ دا بان هەم سەیارەکانیان لەبەر دەرگە دەبوو ، هەم پاسەوانەکانیان ، زەنگی دەرگەم لێدا ، بیراکەم بۆ خۆی دەرگەی کردەوە ، بە گەرموگوڕی دەستی یەکترمان گوشی و ئەملاو ئەولای یەکترمان ماچ کرد . من ئەوەم بە دەفەت زانی ، ڕاستی ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوەو توورەگەکەم پێدا، ئەو بە پێکەنینەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی : بۆ ئاوامان لێهاتووە بێنە سەرمان !! چووە ژوورەکەی دیکە و کلاشنکۆفێکی بۆ هێنام و داوای کرد لەگەڵ خۆمی ببەم ، بەڵام من سەروکارم لەگەڵ چەک نەبوو ، ڕقم لێی دەبۆوە ، ڕەتم کردەوە . ئیدی زۆر دانەنیشتم و بەپەلە گەڕامەوە ماڵ .

کاتێ گەیشتمەوە بەردەرگەی حەوشە وەک پیشەی هەمیشەییم هۆڕنێکم لێدا، خێزانەکەم هات و دەرگەی لێکردمەوە. سەیارەکەم بردە شوێنی خۆی ڕامگرت . سڵاوی ئەوانم بە خێزانەکەم گەیاند ، ئەو لەجیاتی سڵاوەکەیان وەربگرێتەوە ، گلەیی لێکردم و گوتی : منیش حەزم دەکرد سەردانی ئەوانم بکردبایە ، ئەوە چۆن بوو بە تەنیا چوویتە لایان و منت نەبرد ؟! کچەکانم بێخەم لە ژوورەوە دانیشتبوون ، ئاگایان لەوە نەبوو کە زێڕو پارەکانم بردۆتە ماڵی خاڵیان . ئەوان کەیفیان بە ماڵی خاڵیان نەدەهات ، حەزیان بە چارەی خاڵۆزا چەکدارەکانیان نەدەکرد. کچەکانم هەموویان لە فێرگە دەیانخوێندو نیازی زانستگەو بڕونامەی باڵایان هەبوو . بەوهۆیەوە ڕکیان لە چەک و چەکداری دەبۆوە .

ئەو شەوە هەر ناوە ناوە بە بیانۆێک دەچوومە دەرێ و سەری سەیارەکەم دەدا ،هەرچەندە دەرگەی حەوشەم بە جۆرێکی ئەوتۆ قایم کردبوو کە بە ئاسانی نەدەشکا و نە دەکرایەوە، بەڵام دیسانیشەوە گومانم هەبوو، هەموو جارەکان دەچوومە لای دەرگەکە و لە کلیلدان و قایمکردنی خۆم دڵنیا دەکردەوە .

هاتن وچوونی من ئەوانی خستە گومانەوە ، وایان دەزانی نەخۆشم و لەبەر چاوی ئەواندا بەسەر خۆمی ناهێنم . کچە گەورەکەم لە هەموویان زیاتر منی خۆشدەوێ ، تا ئەو کاتەش وەکو هاوڕێیەک ڕەفتاری لەگەڵدا دەکردم ، پرسی : ( بابە گیان ئەگەر نەخۆشی با بچینە نەخۆشخانە ، ئەگەر نا من لەگەڵت دێم و دەچینە ماڵی باجی سەبری ، ئاخر ئەو خۆی و مێردەکەی یاریدەدەری پزیشکن ، دەتوانن دەرمانێکت بۆ بنووسن ، ئەگەرنا ڕێگەم بدە با بتشێلم نەبادا قۆڵنجت هەڵسابێ ! )

من بە پێکەنینەوە وەڵامم دایەوە و پێمگوت : ( کچەکەم ! نەخۆش نیم ، بەڵام دنیا پیس بووە ، دەڵێن دز و مز زۆر بووینە ، دوێنێ شەوێ دوکانی برادەرێکیان شکاندبوو ، دەستێکیان پێداهێنابوو)

بەهۆی ئەو قسەیەوە کچەکەم بیری لەلای پارە و زێڕەکان گیرسایەوە ، هەڵساو چووە ژوورەکەی ئێمە ، من نەمزانی دەچێ سەیری سەندووقەکە دەکات ، هێندەمان زانی بە حەپەساوی گەڕایەوە ، لە دایکی پرسی : ( دایە زێڕو پارەکانت لە کوێ داناون؟ لە شوێنی خۆیان نەماون ، سەندوقەکە بەتاڵە!) من ویستم وەڵامی بدەمەوە ، کەچی دایکی ڕاچڵەکی و پڕ بە گەرووی هاواری کرد ، تا من هەوڵمدا ڕاستیەکەیان بۆ باس بکەم، خێزانم بووڕایەوە ، منداڵەکان دەستیان بە گریان کرد و لە دەوری دایکیان کۆبوونەوە . من هەر ئەوەندەم بۆ کرا کچەکان هێور بکەمەوەو تێیان بگەیەنم کە من دەرمهێناون و ئەوانم بردۆتە ماڵی خاڵیان ، ئیتر بە پەلە ئەومان هاوێشتە ناو سەیارەو بەرەو نەخۆشخانەی فریاکەوتن ڕۆیشتم ، کچە گەورەکەم لەگەڵمان هات و ئەوانی دیکەش لەلای دراوسێکەمان مانەوە . لە ڕێگە کچەکەم هەوڵی دەدا دایکی بەهۆش بێنێتەوە ، پێیدەگوت :" باوکم پارەو زێڕەکانی بردۆتە ماڵی خاڵم ، نەدزراون "

تا گەیشتینە نەخۆشخانەش هەر بە هۆش خۆی نەهاتبۆوە ، لەوێ چاوەکانی هەڵێنا ، ئیدی تۆزێک ئارام بووینەوە و زانیمان لە مردن دەربازی بووە .

چەن کاتژمێرێک لە نەخۆشخانە ماینەوە ، دوایی کە تەواو بە ئاگا هاتەوە ، گەڕاینەوە ماڵەوە . کچەکانی دیکەمان لە ماڵی دراوسێکەمان هێنایەوە ، بەو شەوە زۆربەی دراوسێکان هاتنە لامان و هەواڵیان پرسی . ئیدی بەو هۆیەوە زۆر درەنگ خەوتین .

نازانم خۆمان دەرگەمان دانەخستبوو یان کردبوویانەوە ؟! بەیانی کاتێ کچەکان لە خەو هەستابوون و ویستبویان بەرەو فێرگە بڕۆن ، دیتبوویان دەرگەی حەوشە لەسەر پشتەو سەیارەکەشمان نەماوە .

# یادگارەکانی خێڵی مامەلی ئۆغرتان خێر

ڕووناک شوانی



ئەو خەمە لە خەتی دەم و چاو و دەستە زبرەکەی بە ڕوونی ئەخوێندرایەوە . ئەو هەرگیز بە تەنها نەبوو ئاخر مام وەلی برا و هاوخەمی بوو . هەمیشە پێکەوە بەسەرهاتی شەوی کارەساتەکەیان ئەگێڕایەوە ، دووبارەیان ئەکردەوە، مەزەندەیان ئەکرد ، داخۆم ئەوان لە ڕاهە پڕ خەتەرەکانەوە هاتن و بەسەر لەمپەری ئاگردا بازیاندا ، ئا لێرەدا لەم خاکە ڕەنگ پایزییەدا ، لە ژوورێکدا ، تەنها ژوورێکی چکۆلەی سارد و سڕی لە بلۆک هەڵچنراو ، بێ پەنجەرە ، بێ باخچە و حەوشە ، لەسەر ئەم بستە خاکەی گەرمیان سوکنایان گرت .

بەدەم ژماردنی دەنکە مورووەکانی تەسبیحە پیرۆزەییەکەیەوە ، میمکە فاتم ، شەو و ڕۆژ خەریکی ژماردن بوو . ئەو ناوەکانی خودای نەدەژمارد ، خەتمەکەی ئەو لە قولەی ژمارەیەکی دیکەدا کۆتایی ئەهات و دەستی بە خەتمی تازە ئەکردەوە . ئەو خەڵکە ئەنفالکراوەکەی خێڵی مامەلی ئەژمارد ، نا.. نا... ئەو دایە خەمەی گرتووخانەکەی نوگرەسەلمان بوو ، نا وا نەبوو .. خەمی ئەو گەلێک لەوە قورستر بوو ئەو خەمی مێژوویەکی سەراپا کۆست و کارەساتی لە کۆڵ گرتبوو . پێڕستی پەرتووکی کە دێیەکە چۆڵکرا ، ئەحەی مامەلی لەو دەشتە بەرینەی نێوان قەلاچەرمەڵە و بنەی خەپە کوێر چی بەسەرهات ؟؟ چی ڕوویدا ، ئەی خێل هەمووی ڕووی لە کوێ کرد، ئای لەو شەوە و شەوانی دیکەی هەموو ئەم وڵاتە لێوا و لێو لە کارەساتە ...

ببورە خوێنەری ئازیز ، ئەمەی خوێندتەوە پێشەکی چیرۆکێک نەبوو ، ئەمە خەمی ڕۆژانە و ژیانی دوو مرۆڤ بوو، بەڵێ دوو مرۆڤی لە بیر کراوی سەردەمی ئەنفالی ڕەش کە کەس نەهات بە سۆراخیانەوە . وردەکاری ژیانی ڕۆژانەی ئەم دوو مرۆڤە نموونەی چیرۆک و تراژیدیای میللەتێکە کە نەفرەتی ئەنفال هەمیشە ها بە شوێنیەوە ، لەگەڵ قاوەڵتی ئەیخۆین و شەوانە لە شیرین خەودا ڕامان ئەچڵەکێنێت . لەم وڵاتە لە بیرکراوەی ئێمەدا ڕووحی مرۆڤەکان هێندە ماندووە ، هەست بە بوونی دیوارێک ناکەن لە نێوان ژیان و مەرگ ، زیندان و ئازادیدا .

بۆ مرۆڤی خاوەن ویژدانیش سفرە و ئاگردانی سارد و سڕی ئەم خۆیشک و برایە ، تەنها گۆشەیەکە لە نموونەی ژیانی مەمرە و مەژی هەژارانی ئەم وڵاتە . لە کاتێکدا ئەوانەی لەسەر پلیکانەی کەلەسەری ئەنفالکراوەکان و ئەم خەڵکە زەحمەتکێشە سەرکەوتن ، ئەمڕۆیش پاروی دەمی هەژاران ئەڕفێنن و ئەیکەن بە دراوی گرانبەها و لە بانکە جیهانییەکاندا ئەیشارنەوە . بەڵێ ئەنفالچیەکان ، ئەمڕۆ قووتی میللەت ئەنفال ئەکەن .

لە بەروارێکی تۆمار نەکراودا ، ئەم دوو شوانکارەی خەمە ، جەستەیان ئەم خاکەی جێهێشت . گەرچی ڕوحیان لەگەڵ هاتنە خوارەوەی سوورەتی ئەنفالدا بە شمشێرەکەی نەوەکانی عوبەیدە ئەنفال کرا . نە لەسەر دێڕی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی وڵات نە لە دوا لاپەرەی ڕۆژنامەکاندا ، ئەم هەواڵە دڵتەزێنە بڵاونەکرایەوە .

نەخێر ئەی مرۆڤدۆستەکان ، ئەم ڕەمزانە بە بێدەنگی ڕۆیشتن ، هەروەک ئەو هەموو قوربانیانەی کە لە بیابانەکانی مەرگ گەڕانەوە و ژیانیان پەیدا نەکردەوە ،ماندوویی ڕۆژگاری ڕەش لە جەستە شەکەتەکانیاندا مایەوە ، وتەکانیان تۆمار نەکرا ، بەسەر هاتەکەیان وەک ژیانیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئۆردوگا زۆرەملێکاندا زیندە بە چاڵکرا . بەداخەوە ئەمە ئێمەین لەوەتەی هەین هەرگیز پەند لە ڕابردوو وەرناگرین، ئەوە نییە مێژوومان لاسایی بەردەکەی سیزیف ئەکاتەوە ،هەرچی بەرەو ژووری ئەبەین دووبارە هەرەس دەهێنێت و بەرەو خوار گلۆر ئەبێتەوە .

ئەی عاشقانی ئازادی و ژیان ، هەموو ڕۆژێ بەر لە زەردە لەسەر مەزاری پیرۆزی حەزرەتی میمکە فاتم و مام وەلی ، جووتێ پەپوولەی عاشق باڵە فرکێیانە . ئەمانە ڕووحی ئاسوودەی ئەم مرۆڤە بێگەردانەن . هەموو شەوی بەراتێکیش سەرنج بدەن لەسەر چۆمی ئاوەسپی بێستانکارەیەک بە بەرگێکی سپییەوە وەستاوە ، نوقڵ و گوێزەبانە ئەبەخشێ بە منداڵە ڕەش و ڕووتەکانی گەرمیان . دڵنیا بن ئەویش حەزرەتی مام وەلییە .

تێبینی: میمکە فاتم و مام وەلی لە یەکێ لە ڕۆژەکانی فیبریوەری کۆچی دواییان کرد، پاش ماڵئاوایی مام وەلی بە سێ ڕۆژ میمکە فاتمیش کۆچی دوایی کرد .